لە سەیدسادق گەنجێک پێنج ئەندامی خێزانێکی و دواتر خۆی دەکوژێت

بەهۆی کێشەیەکی کەمەڵایەتی، کوڕێک پێنج ئەندامی خێزانێکی خۆی کوشت، دواتریش کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شۆی رابردوو چوارشەممە 20ـی ئادار، لە گوندی گرزەی سەیدسادق گەنجێک دایک و باوک و دوو خوشک و برایەکی خۆی کوشت و دواتر کۆتایی بە ژیانی خۆشی هێنا، "ڕووداوەکە لە دەمەقاڵەی کەمەڵایەتییەوە سەریهەڵدا و ڕوویداوە".

ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە لە ئەوروپا گەڕاوەتەوە و تەمەنی 22 ساڵ بووە، بە سەردان بۆلای باوکی گەڕاوەتەوە کە بۆخۆی نەخێشی دەروونی نیشتەرگەریی بۆکراوە.

ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە 9 کەس بووە و سالار محەممەد کە سەرۆکی خێزانەکە بووە، فەرمانبەر بووە لە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سەیدسادق.

ئێستا تەنها دوو برا و یەک خوشکی ئەو خێزانە لە ژیاندا ماون.

وێنەی (بەشیر سالار)، ئەو گەنجەی سەیدسادق کە ئەمشەو تەواوی ئێندامانی خەزانەکەی کوشت و دواتریش خۆی کوشت